# مەرگی شاعیرێکی تر

ئەمرۆ 2005/10/2 شاعیر " ئەنوەر مەسیفی " لە ئەنجامی برینەکانی گیانی لەدەست دا، شاعیر ئەنوەر مەسیفی لە



رووداوێ ئوتۆمبێل هەفتەی رابردوو بە سەختی بریندار ببوو ، بێجگە لەوەش کورو کچ و هاوسەرەکەشی هەر لەوێ گیانیان لە دەست دا ، ئەم رووداوە دڵتەزێنە کە مەرگی ئەندامانی خێزانەکەی بە چەند رۆژێك پێش مەرگی خۆی کەوت ، نەیهێشت و ماوەی نەدا کاك ئەنوەر ژانی رۆح و لە دەست چوونی پەپوولەکانی بکا بە شیعر ، ئەو خۆشی رۆیشت و ئەو برینەی بە جێ هێشت بۆ کەس و کاری ، بۆ شارۆچکەی مەسیف ، بۆ هاورێ شاعیرو ئەدیبەکانی ، تا بیکەن بە حەرف و ووشەی میهرەبان بۆ رێز گرتن لەمەرگی ئەنوەر و بۆ تەواو کردنی ئەو شیعرەی کە خۆی لە دواین رۆژەکانی نەیتوانی بیڵێ ، ئێمە لەم کۆچە ناوەختانەی شاعیرو گۆرانبێژەکانمان ، ئەوەندەمان لە دەست دێ دەنگمان بکەین بە دەنگی هاوسۆزی هەر هەمووتان .

**دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان**

2005/10/ 2